گوزارشێکی کورت لە چۆنیەتی بەڕێوە چوونی ڕێوڕەسمی ٨ی مارس لە شاری کۆڵنی ئاڵمان

لە ڕۆژی هەشتی مارسی ئەمساڵدا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژن، لە شاری (کۆڵن)ی ئاڵمان و لە گۆڕەپانی بەردەم کلیسای گەورە و مێژوویی ئەو شارەدا(دۆم) ڕێوڕەسمێکی تایبەت بەڕێوە چوو. دروشمی نا بۆ شەر، نا بۆ کۆماری ئیسلامی و لەپێناو پاراستنی مافەکانی ژندا دەنگ هەڵبڕن، باڵی بەسەر کۆبوونەوەکەدا کێشابوو.

لە بانگەوازی ئەو ڕۆژەدا هاتبوو: ئێستا پتر لە ٢٨ساڵ لە دامەزراندنی ڕژیمی ڕەش و نگریسی کۆماری ئیسلامی تێدەپەڕێ. ڕژیمێک کە یەکەم سەرکوتکارییەکانی لە ژنانەوە دەستپێکرد و بە سەپاندنی یاسا و ریسای کۆنەپەرستانە و دواکەوتوانە، هەموو زوڵم و زۆرداریەکانی خۆی بە ناو قانونی کرد. ئەم ڕژیمە لە ماوەی دەسەلاتی شوومی خۆیدا هەتا ئێستاش پڕکارەساتترین و گەورەترین زەبر و زیانی لە کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و ژنان بەتایبەتی گەیاندووە. ئێمە بە هەموو ژیان و هەستی خۆمانەوە دژواری و قوڵائی ئەو زەبر و دوژمنکارییانە هەست پێدەکەین.

لە بەشێکی دیکەی ئەو بانگەوازەدا هاتبوو: ئێمەی ژنان کە دەبێ لە بەرەکانی شەردا ئەرکی سەرپەرستی منااڵن و پیران و پەککەوتە و بریندارەکانمان لە سەر شان بێ، ئێمەی ژنان کە دەبێ لە ماڵ یان لە دەرەوە بەشمان هەر کرێکاریی بێ، ئێمەی ژنان کە سەربازان و قوربانیانی بەرەکانی شەر و پشتی شەڕین، ئێمەی ژنان کە زوڵملێکراوانی بومبارانەکان و قوربانییەکانی مەرگ و درستدرێژکارین، لە کۆماری ئیسلامیدا وەبەر گەورەترین ستەمگەری و بێدادیەکانی مێژوو کەوتووین.

لەم کۆبوونەوەیەدا بانگەوازێک لە لایەن کۆمەڵەی " مافی ژنانی کورد و مافی مرۆڤ" بە زمانەکانی ئاڵمانی و کوردی خوێندرایەوە. هەروەها شێعرێکیش لە لایەن ژنێکی کوردەوە پێشکەش بە بەشداربووان کرا.

شایانی گوتنە کە بەشێکی دروشمەکانی ئەو کۆبوونەوەیە تەرخان کرابوون بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەم گرتن و ڕاوەدوونانانەی کە لەم دواییانەدا لە ئێرانی ئیسلامیدا بەڕێوە چوون.

ئەم کۆبوونەوەیە بە شێوەیەکی جوان و ڕازاوە و سەرنجڕاکێش بەڕێوە چوو، کە توانی لە گۆڕەپانی ئەو شارەدا سەرنجێکی زۆری خەڵکی ئەو ناوە بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. موزیک و گۆرانی و هەڵپەرکێی کوردی و تورکی و فارسی و ئاڵمانی و خۆپیشاندانی ژنێک بە بەرگی ڕازاوەی بەختیاری تام و بۆنێکی دیکەی بە کۆبوونەوەکە دابوو. لە هەمان کاتیشدا ژمارەیەکی دیکە لە ژنان خەریکی بڵاوکردنەوەی بانگەواز و ڕاگەیەننامەکان لە ناو خەڵکدا بوون.

دوابەدوای کۆتایی بەشی یەکەمی ئەو بەرنامەیە، بەشی دووهەمی بەرنامەی دارێژراو بە بەشداری چوار کۆڕ و کۆمەڵی ژنان لەوانە کۆمەڵەی ژنانی ئاڵمانی، کۆمەڵەی مافی ژنانی کورد و مافی مرۆڤ"، کۆمەڵەی ژنانی ئێرانی لە کۆڵن لە ماڵی ژنان بەڕێوە چوو. (شایانی باسە کە ماڵی ژنان شوێنی ئەو ژنانەیە کە بە هۆی توند و تیژی هاوسەرەکانیان لە ماڵەوە وەدەرکەوتوون و بەناچار لە ماڵی ژنان حەواونەتەوە) ژنان لەم بەرنامە هونەرییەدا نیشانیان دەدا کە ئەوانیش دەتوانن و دەبێ لە مافەکانی خۆیان دیفاع بکەن، لەبەرامبەر توندوتیژی دەنگ هەڵبڕن و دەبێ لە پێناو ژیانێکی ئینسانی و بە بێ توندوتیژی هەوڵبدەن.

شێعر خوێندنەوە و هەڵپەڕکێی کوردی بەشێکی دیکەی ئەو بەرنامەیە بوو. کە هەتا شەوگارێکی درەنگ بەڕێوە چوو. شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە کۆمەڵەی "مافی ژنانی کورد و مافی مرۆڤ" لە بەڕێوە بردن و سەرجەمی چالاکییەکانی ئەو ڕۆژەدا وێڕای ژنانی ئاڵمانی و خەڵکانی دیکە دەوڕێکی بەرچاویان گێڕا و توانیان تا ڕادەیەکی بەرچاو بارودۆخی ژیانی ژنانی کورد نیشان بدەن. کۆمەڵەی ژنانی ئاڵمانی بەم چالاکیانەی ژنانی کورد و هاوپێوەندییان لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان و هەروەها پێکهاتنی کۆمەڵەی مافی ژنانی کورد و مافی مرۆڤ" سەرسام و پێحۆشحال بوون.

ئەم کۆبوونەوەیە بەسەرجەم توانی سەرنج و ڕەزامەندی بەشداربووان ڕاکێشێ و سەرکەوتوانە بەرنامەکانی بەرەو کۆتایی ببات.

فەرەحی شەریفی

لە ئاڵمان، شاری کۆڵن

٢٠٠٧. ٠٣. ١٩